# پەرلەمانتارانی کوردستان و قسەیەکی تاڵ

فوئاد سدیق

ماوەیەکە لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا بە گەرمی قسە لەسەر زێدە کردنی مووچەی پەرلەمانتارانی کوردستان دەکرێ ، وەك بیستوومە تەنها چەند ژمارەیەکی زۆر کەمی پەرلەمانتاران نەبێت ، دەنا باقی هەموو ئەوانی تر واژۆیان لەسەر ئەو یاداشتە کردووە کە بۆ کاك عەدنان موفتیان بەرز کردۆتەوەو داوایان کردووە مووچەیان چەند ملیۆنێکی دی زیاد بکرێ!!

بەر لە هەموو شتێك دەبوو ئەو ئەندام پەرلەمانانە( ئەگەر کەمێك خۆیان بە نوێنەری خەڵك دەزانی، هەرچەندە خەڵك بە نوێنەری خۆیان نازانێ بەڵکو نوێنەری حزبەکانن) جارێ باسی زێدەکردنی مووچەی خۆیان نەکردایە، تا گرفتی خەڵکەکە کەمێك سووك نەبوایە، هێشتا زۆر گرفت و کێشەی قووڵو گەورە دەرهەق بە ژیانی خەڵکی کوردستان هەن ، ئەو خەڵکەی‌کە لەو ئەندام پەرلەمانانە زۆر زیاتر قوربانیان داوەو ماندوو بوونە ، لە کاتێکدا ئەندام پەرلەمانی وا هەیە ، نەك رۆژێ لە رۆژان بیری لەوە نەکردبۆوە ببێتە ئەندام پەرلەمان ، بەڵکو لە خەونیشیا بە خەیاڵی نەهاتبوو دەبێت بە ئەندام پەرلەمان!!، بە هەر حاڵ شەرمەزارییە ئیمزا کۆ بکەنەوە بۆ زێدە کردنی مووچەکانیان، لە کاتێکدا هێشتا دونیایەك گرفت لەو کوردستانە هەن پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە ، هێشتا موچەی فەرمانبەران ، مامۆستایان ، خانەنشینان ، مووچەی ئەم هەموو خەڵکەی بەهۆی خەبات و تێکۆشانیان لە کوردایەتی دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەرەخساوەو بە هەزار نالی عەلی ئەگەر دابمەزرێ مووچەی مانگێکی ئەو فەرمانبەرە تێکۆشەرە تازە دامەزراوە ناگاتە ژەمە خواردنێکی ئەندام پەرلەمانێك!!، مامۆستایەکی خاوەن خزمەتی (١٤-١٥) ساڵ خزمەت مووچەی مانگێکی رێك یەك ژەمە خواردنی پەرلەمانتارێکە!!. سەیرە هێشتا دەستوورمان نییە ، حکومەتێکی پارچە پارچە کراومان هەیە ، کارەبامان نییە ، ئاومان نییە ، خواردنی بایع هیچ کەڵکی نییە ، خەڵك لە دامودەزگاکانی حکومەت دانامەزرێ ، هاتووچۆ هەولێری تەواو خنکاندووە ، تیرۆر خەریکە بە شێنەیی دزە بۆ هەموو ماڵێك دەکات ، میتۆدی پەروەردە لە کوردستانا هەر زۆر فاشیلە ، نازانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئایین و ئیسلام و ئیسلامی سیاسی‌دا بکەین ، هەر مزگەوتەو بە حکومەت و خەڵکی خێرخوازو دەوڵەمەندەکانەوە دروست دەکرێ ، بەڵام لە دروستکردنی قوتابخانەیەکدا دەکەوینە ژێر رەحمەتی بازرگانێك..بەڵێندەرێکی بێ بەڵێن!!، هیچ بەرنامەیەکمان بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا نییە ، ئاخر ئەوە (١٤) ساڵە بەعسیەکان جێگە بە کوردپەروەرو تێکۆشەران بە تاڵ دەکەن . جیاوازییەك لەنێوان ژیانی خەڵکدا هەیە بەقەد جیاوازی ئاسمان و رێسمان، خەڵك هەیە لە هەموو ژیانیدا یەك بستە زەوی نەدراوەتێ نە لە سەردەمی بەعس نە لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام خەڵکیش هەیە هەم لە سەردەمی بەعس موستەفید بووە، هەم لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیش زیاتر موستەفیدتر بووە، خوا بیبڕێ.

ئیدی ئەوەیە ، خەڵکێکی زۆر لەم کوردستانە هەست بە نامۆیی دەکەن ، هەست بە نامۆیی دەکەن چونکە بستێك زەوی نییە لەسەری بژی ، کرێچییەتیش ئاگرێکی بێ ئامانەو هەموو سنوورێکی بەزاندووە!!.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیاردەی سواڵکردن پەتایەکەو شاری هەراسان کردووە ، خەڵکی هەژارو نەدار پایتەختی پڕکردووە ، بازاڕ بازاڕی دەوڵەمەندە چاو چنۆکەکانە ، هەژارەکان کە زۆربەی خەڵکی پێکدەهێنن تەنها ئەوەندەیان لەدەست دێت تەماشایان بکەن و زەقەی چاویان بێت.

من دەزانم زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کوردستان باش دەزانن خەڵك بە نوێنەری خۆیان نازانێ ، خودی ئەندام پەرلەمانەکانیش ئەوراستیە باش دەزانن کە نوێنەری خەڵك نین ، ئاخر هی وا هەیە ئەگەر لە پەنای حزبەوە نەبێت و خۆی هەڵبژێرێت دەکرێتە مەهزەلە ، ژنەکەی خۆیشی دەنگی ناداتێ!!خۆشیان باش دەزانن هەر بۆیە جارێ زوو مووچەی خۆیان دەکەن بە کێشە ، لە کاتێکدا هی وای تێدایە تا راپەرینی بەهاری ١٩٩١ یش هەر گاڵتەی بە کورد دەهات. بۆیە ئێستاش ناهەق نییە کە کردوویانە بە ئەندام پەرلەمان ، داوای زێدە کردنی مووچەو زۆر شتی دیکەیش بۆ خۆی بکات.

خەڵك هێشتا لە بیری نەکردووە کە ئەندام پەرلەمانەکانی پێشوو لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق چەند مانگێك تەنانەت فەرمانبەریش مووچەکەی پێ نەدەدرا ، بە تایبەت لە نەورۆزو نیسانی ٢٠٠٣ ، کەچی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان مووچەی مانگانەیان کاش وەردەگرت !!، وەرگرتنەکەشیان بە شەرتی چەقۆ بوو ، نە بە دۆلار بوو نە بە دیناری چاپ بوو ، ئەوەش مەهزەلەیەکی دیکە بوو !! خەڵك و فەرمانبەر هێشتا لە بیریان نەکردووە کە مووچەکەیان لێ دەکرا بە شێرو رێوی و جارێك بە پارەی چاپ و جارێك بە دۆلارو ، بەڵام قەت بە دیناری سویسرییان پێ نەدەدان ،تەنها بۆ ئەندام پەرلەمانەکان بە دیناری سویسری بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو ئەوکات دیناری چاپ و دۆلار دابەزیبوون ، دیناری سویسری لە بەرزبوونەوەدابوو ، مەهزەلەی زەبەللاح تر ئەوەبوو کاتێك مووچەیان دەدا فەرمانبەر، یەك دۆلار تەنها (٤-٥)دیناری سویسری بوو ، کەچی دۆلارێکیان بۆ بە (١٠) دینار حساب دەکرد !!دیناری سویسریشیان نەدەدایێ!! عارەب گوتەنی ( ترید غزال اخذ ا؛رنب ، ترید ارنب اخذ ارنب ) بەڵام تەنها بۆ ئەندام پەرلەمانەکان ( چونکە نوێنەری گەڵ بوون !!) بە دیناری سویسری و پارەی کاشیان وەردەگرت!! ئەمەیە مێژووی پەرلەمانتاری کورد!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com